# دووبز دوا پێگەی تەعریب و شارۆچکەیەکی دەوڵەمەند











**شارۆچکەی دووبز کەوتۆتە رۆژئاوای شاری کەرکوك و نزیکەی 30کم لە کەرکوکەوە دوورە و 40کم لە شاری هەولێرەوە دوورە، ناوچەیەکی بە پیتی کشتوکاڵی و سامانی سروشتیی وەك پترۆل و روبار و..هتد هەیە، 90٪ دانیشتوانەکەی کوردن و ئەوانیتر عەرەب و تورکمان و فەلەن، لە هەموو سەردەمێکدا دوایین پێگەی بەعەرەبکردن بووە، هەر بۆیە بەعسیەکان زوو ناوە رەسەنە کوردیەکەیان گۆڕی و کردیان بە( دبس )، ئەو کات ئەم شارۆچکەیە وەك سەربازگەیەکی گەورە وابوو، ئازادی و کوردبوون یەکێ لە تاوانە گەورەکان بوو، لە راپەڕینی بەهاری 91یش تاکە شارۆچکەی کەرکوك بوو ئازاد نەکرا لەبەر هەڵکەوتووی شوێنی جوگرافیەکەی و بوون و کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازی زۆر لەو ناوچەیە، لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا ئەم شارۆچکەیەش وەکو هەموو ناوچە ژێردەستەکانی تری کوردستان ئازادکرا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لە کەمترین ماوەدا ئەم ناوچەیە گەشایەوە و توانی تەکانێکی گەورە بدات بۆ پێشکەوتن و زیندوو کردنەوەی سەرخان و ژێرخانی، لەم بە هەوڵ و کۆششی پارتە سیاسیەکان و ئیدارەی ناوچەکە پاشماوەکانی تەعریب سڕانەوە و دەست کرا بە گەڕاندنەوەی موڵکی هاوڵاتیان و مافە زەوت کراوەکانیان، لەلایەکی ترەوە بۆ پێشگرتن لە پەرتەوازەبوونی ئامانجە ستراتیژیەکانی تاکی کورد لەو دەڤەرە سەنتەری رۆشنبیری ماڵی کورد دامەزرا و دواتریش مانگنامەیەکی سیاسی و رۆشنبیری گشتی سەربەخۆ بەنێوی( ئەمڕۆی دووبز ) بلاّوکرایەوە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە خاوەنی ئیمتیازەکەی( فوئاد ساڵەیی ) و سەرنووسەرەکەی( شێرزاد عومەر ) بوو کە نزیکەی 35 ژمارەی لێ دەرچوو، هاوکات ئەم ناوچەیەش وەکو هەموو ناوچەکانی تر بەدوور نەبووە لەکاری تێکدەرانە و تیرۆریستی، بەڵام بە ماندووبوون و شەونخوونی و کۆششی دەزگا ئەمنیەکانی قەزاکە توانراوە تا رادەیەکی زۆر باش ئەمن و ئاسایش لەو دەڤەرە بەرقەرار بکرێت، لە پێناو ئاگاداربوون و زانینی بارودۆخی ئەو قەزایە بە پێویستمان زانی ئەم راپۆرتە مەیدانییە ئامادە بکەین و بەدواداچوون بۆ چەندین پرسی گرنگ بکەین بەو هیوای توانیبێتمان ئەنجامێك بۆ پرسە سەرەکیەکان بە دەست بهێنین:**

**ئا/ شێرزاد عومەر مەحمود /** s4632628@gmail.com **فۆتۆ/ سەروەت محەمەد رەحمان**

## * دووبز لە چ پێکهاتەیەك پێکهاتووە..؟

### هادی غەزائی قائیمقامی قەزای دووبز

ـ سەبارەت بە پێکهاتەکانی قەزای دووبز وادیارە قەزای دووبز پێکاتەکی گەلێك ئالۆزی هەیە، دەتوانین بڵێین عێراقێکی بچووکە ئەویش بریتیە لە دوو نەتەوەی سەرەکی کە بریتین لە کوردو عەرەب، ئێمە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا زیانێکی زۆرمان پێگەیشت، کە بوە هۆی زیاد بوونی رێژەی عەرەبەکان بە



شێوەیەکی گشتی ئەگەر چەند نمونەیەك بهێنینەوە، ئێمە بە سێ قۆناغ تێپەڕین کە یەکەمیان لە ساڵی 1963 کە زۆربەی گوندەکانیان وێران کردین و کەوتنە بەر شاڵاوی گواستنەوە, پاشان قۆناغی دووەم ساڵی 1975 توانیان چەند بڕیارێك دەربکەن کە زیانێکی زۆری هەبوو ئەوانیش بڕیاری 369 و 449 بوو کە دێهاتی تریان گواستنەوە ئینجا قۆناغی سێیەم کە ساڵی 1987 کە پێی دەوترا قۆناغی چواری ئەنفال و هەموو ئەو گوندانەی مابونەوە تووشی گواستنەوە هاتن, زۆر بە داخەوە دوای ئەمە پشتێنەکی ئەمنیان لەناو دووبز دروست کرد کە توانیان سەدان خێزانی عەرەب لە خواروی عیراق بهێن و لە ناو دووبز نیشتەجێیان بکەن، کە کاریگەریەکی زۆری کردەسەر رێژەی دانیشتوانی دووبز، خۆشبەختانە ئێمە بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە یارمەتی حزبە سیاسیەکان ئەو خێزانانەی کە دەربەدەر کرابوون کە ئاوارە کرابوون توانیمان کە بیانگەرێنینەوە و توانیمان چەند دێیەك ئاوەدان بکەینەوە، کارەکانمان دەتوانم بەم شێوەیە رونبکەمەوە یەکەمیان لە ناو شاری دووبز کە بریتیە لە 23 هەزار کەس رێژەی کورد 60٪ بەلاَم ئەگەر سەیری دەوروبەرری دووبز بکەین، کە بریتیە لە 64 گوند رێژەی عەرەب زیاترە، بەلاَم بەگوێرە فۆرمی خۆراك دەتوانین بلێین کە رێژەی کورد زیاتر لە هەموو قەزای دووبزدا.

*** لە رووی خزمەتگوزاریەوە لە 2003 تاکو ئێستا چیتان کردوە.؟**

ــ وادیارە تاکو 2003 دووبز شارێکی ویران بوو ناو دووبز کاولکاری بوو گوندەکان تەنها گۆرستانەکانیان ئاوەدان بوون. ئێمە توانیمان بە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی دێهاتەکان ئاوەدان بکەینەوە چ لە تۆری کارەبا, چ لە بیناکردنی چەند خانوویەك لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە، سەبارەت بە رێگاو بان و قوتابخانە و توانیمان ئەو گوندانە ئاوەدان بکەینەوە, لە لایەکی ترەوە ئێمە شتێکمان هەیە، لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کە ئێمە پەیوەندی دارین بەوانەوە, کەمێك پارە بەناوی بوژانەوەی دەدرێت کە بەداخەوە بڕی پارەکە زۆر کەمە چونکە پشتیان بە سەرژمێری دانیشتوان بەستووە، لە ساڵی 1957 ز کە ئەم ساڵە دووبز گوندێك بووە سەر بە قەزای ئاڵتون کۆپری و دوای بوو بە ناحیەو ئینجا بوو بە قەزا, بڕی ئەو پارەی کە دەدرێت بە قەزای دووبز سێ ملیارو دووسەد ملیۆن دینارە کە دەتوانم بلێم بەشی هیچ شتێکمان ناکات, ئێمە لە بارەی خزمەتگوزاریەوە پێویستمان بە زۆر شتە وەکو ئاوو ئاوەڕۆ و تۆڕی کارەباو قوتابخانە، جگە لەمانەش چەند خزمەتگوزاری تر دەربارەی جوانکردنی سیمای شار.

*** کام زیاتر هاوکارتانە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی مەرکەزی.؟**

ــ ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باسی بابەتەکە بکەین، قەزای دووبز یەکێکە لەو قەزایانەی کە سەر بە پارێزگای کەرکوکە, پارێزگای کەرکوك بە شێوەیەکی گشتی ئابلۆقەیەکی لەسەرە لەلایەن حکومەتی

مەرکەزی، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سیاسی, بۆ ئەو ململانێیەی کە هەیە لە ناو پارێزگای کەرکوك، بۆ نموونە تاکو ئێستا ئێمە یاسایەکمان نیە پێیەوە بڕۆن بەڕێوە, هەروەها قانوونە کۆنەکانیش بە بڕیارێکی کۆماری ئیلغا کراوەتەوە, و یاسای پارێزگاکانیش بەداخەوە تاکو ئێستا کاری پێناکرێت, بۆیە ناچار بووین زۆر جار و بکەینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت پارێزگای هەولێر بەرێز (نەوزاد هادی) کە داوای یارمەتی لێبکەین، بۆیە ئەوانیش بە گەرم و گوڕیەوە بە دەنگ داواکاریەکانمان هاتوون, ئێستاش یارمەتیەکانیان بەردەوامن.

*** حزب تا چەند دەست لە کاروباری حکومەت وەردەدات.؟**

ــ سەبارەت بە حزبە سیاسیەکان ئێمە وادیارە ئەحزابێکی زۆرمان هەیە لە ناو دووبزدا، بەڵام دوو حزبی سەرەکی هەن ئەوانیش پارتی و یەکێتین ئەمە حەوت ساڵە خۆشبەختانە هەتاکو ئێستا ئەوەش کەمن دەتوانن پرسیار لە هاوڵاتیان بکەن یان لە هەر 37 دام و دەزگاکان بکەن هەتاوەکو ئێستا حزبەکان هاوکاربوونەو دەستیان نەخستۆتە ناو کاروبارمان.

*** بۆچی بایەخ بە بواری رۆشنبیری نەدراوە ئێمە تێبینی نەبوونی سەنتەری رۆشنبیری و کتێبخانەمان دا لە ناو دووبزدا ئایا هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێنیەوە.؟**

ــ سەبارەت بە بواری رۆشنبیری ئێمە زۆرجار تەمەنای ساڵانی شەست و حەفتاکان دەکەین، کە ئەو کات گرنگیەکی زۆر بە بواری رۆشنبیری دەدرا, بەڵام لەکاتی رژێمی بەعسدا کەوتینە ناو بۆشایەکی گەورە، یەکەمیان رووی کۆمەڵگاکە گۆڕا بۆ کۆمەڵگایەکی ماددی، بەڵام لە دوای ساڵی 2003 توانیمان هەنگاوی خێرا بهاوێژین و بە هاوکاری هاوڵاتیان توانیمان یەکەم بنکەی رۆشنبیری دابێین بە ناوی بنکەی رۆشنبیری ئاینده، بەڵام زوو هەرەسی هێنا و پاشان چەند بنکەیەکی تر کرانەوە، بەڵام ئێمە هاوکاریمان نەکردن بۆیە ئەوانیش هەرەسیان هێنا هۆیەکەش دەستێوەردانی حزبەکان بوو بۆ بنکەی رۆشنبیری دووبز بۆیەش ئێمە وەکو قەزا پشمان تێکرد و خۆشبەختانە ماوەی ساڵێك دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان کتێبخانەیەکیان لە ناو شاری دووبز بۆ دروست کردوین، کە زۆر پێویستە ئەویش کتێبخانەی گشتی دووبزە. تەمەنا دەکەم من لەو میمبەرەوە کە گرنگی زیاتر بەم کتێبخانەیە بدرێت و نەکەوێتە بەر ململانێی حزبایەتی, چونکە تاکو ئێستا بۆنێکی جوانی لێدێت, دوبارە دڵنیا دەکەمەوە حەز ناکەم دەستی حزبەکانی لەگەڵ تێکەڵ بکرێت و تەمەنا دەکەم ئەو کتێبخانەیە بکەوێتە سەر پارێزگای کەرکوك و یارمەتیەکانی لە هەرێمی کوردستان بۆ بێت.



*** تا چەند دەنگی کورد بە فیڕۆ رۆیشت بە هۆی فرە لیستیەوە.؟**

**هێمن مەسعود ساڵەیی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی پ.د.ك**

ــ سەرەتا بەخێربێن سەبارەت بە فیڕۆچونی دەنگی کورد لە دووبز ئەوەی کە من دەیبینیم بە فیڕۆچونەکە تەنها لە سنوری دووبز نەبووە، زیاتر لە هەموو کەرکوك بووە بە هۆی ئەو فرە لیستیەی هەبووە لە کەرکوك بە تاکید دووبزیش بەشێك بووە لە کەرکوك و پارێزگای کەرکوك، کە بەشێك لەو لیستانەی لە کەرکوك هەبوونە

و جیاواز لە هاوپەیمانی کوردستان هەروەها خەڵکێکی زۆریش لەم ناوچەیە هەر نەهاتوون دەنگ بدەن، ئەم دوو لایەنە هۆکاربوونە کە باسم کرد بونەتە هۆی بە فیڕۆچونی دەنگی کورد.

*** ئایا دەست لە کاروباری حکومەت وەردەدەن.؟**

ـــ ئێمە هاوکاری حکومەتین بە هیچ شێوەیەك دەست لە کاروباری حکومەت وەرنادەین.؟

*** بەمانای دەستێوەردان یان ئاسانکاری.؟**

ــ ئێمە هاوکاری حکومەتین راستە لە روی ئیداریەوە سەر بە حکومەتی مەرکەزیە، بەلاّم ئێمە بە حکومەتی خۆماڵی دەزانین, قایمقام, بەرێوەبەری پۆلیس, بەرێوەبەری کشتوکاڵ و ئاو هەموویان کوردن و هەموویان نوێنەری میللەتن, بۆیە ئێمە بە پێویستی نازانین تەدەخول بکەین و لە بەرنامەی ئێمە نیە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان دەست  کاروباری حکومەت بدەین، بەڵکو دەبینە مایەی کارئاسانی و رێنمایان دەکەین بۆ کاری باش، بەلاّم راستە دووبز لە دوو نەتەوەی سەرەکی  پێکهاتووە، بەلاّم ژمارەی یەکەمیان کوردن هەوڵدەدەین کە ئیشەکانی حکومەت رەنگدانەوەی کوردانەی پێوە دیاربێت, و بۆ ئەوەی سیمای ئیدارەیی کورد لێرە جوانتر بکەین.

*** توانیوتانە لێرە هەستی کوردایەتی بەرز بکەنەوەو حزبایەتی کاڵ بکەنەوە.؟**

- ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کورردستان فەرمانی جەنابی سەرۆکمان هەیە کە لە دوای 2003 کە گەڕاینەوە بۆ کەرکوکی دڵی کوردستان بەر لە حزبایەتی ئێمە دەست بکەین بە کوردایەتی کردن, بە تاکید لەسەر ئەو رێرەوە رۆیشتوین و بەردەوامیش دەبین لەسەری.

*** تاچەند کاریگەریتان هەبووە بۆ راکێشانی دەستی حکومەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دووبز و دەوروبەری.؟**

ـ بەوپێیەی کە دووبز یەکێك بووە لەو شارانەی کە پێش شەستەکانەوە جوڵەیەك هەبووە، لەلایەن حکومەتی عێراقی و حزبی بەعسەوە تا لە ساڵی 1963 حەرەس قەومیەکان ئێرەشیان گرتەوە, هەوڵدراوە کە پاکتاوی رەگەزی و نەتەوی بکرێت و جنسیەی خەڵکی گۆردراوەو خەڵکەکە تووشی راگواستن هاتوون، بۆیە ئێمە کە گەڕاینەوە لە دوای ساڵی2003 بە هەموو شێوەیەك هەوڵدراوە کە بەشێك لەو چەرمەسەریانەو کێشانەی خەڵکی دووبز کەم بکەینەوە, هەرکە زانیومانە حکومەتی عێراق وەکو پێویست هاوکار نیە یان ئیدارەکانی وەکو پێویست خۆی نەگرتۆتەوە وەکو پێویست بە یاسا کارناکرێت کە هەموو قەزاکان یان پارێزگاکان لە عێراق وەکو یەك کاریان بۆ نەکرێت، ئێمە هەوڵماندااوە لە رێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستی خزمەتگوزاری رابکێشین کەم تازۆر کراوە، بەلاّم ئەوەنیە کەمن دڵم پێ خۆشبێت بڵێم هەموو شتێك کراوەو لێبوینەتەوە، نەخێر بە پێچەوانەوە پێویست بەوە دەکات ئێمە وەکو حزب خۆمان ماندوو بکەین و فشار بخەینە سەر حکومەتی خۆمان بۆ ئەوەی خزمەتی سنورەکەی ئێمە بکات، ئەوەی کە کراوە لە رووی ئاوەدانکردنەوە زیاتر دەتوانم بڵێم دێیەکان ئاوەدان کراونەتەوەو خانوویان بۆ دروست کراوە, هێلی کارەبایان بۆ راکێشراوە, جادەو رێگاوبانیان بۆ کراوە قوتابخانەیان بۆ کراوە, لەناو شاریش ئەوەی دەزگا فەرمیەکا داوایان کردوە ئێمە هەوڵماندااوە لە رێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریمان کردون.

*** رێژەی بێکاری لە دووبز چۆن دەبینیت.؟**

- دووبـز دیسـانەوە دەبێـت بڵێمـەوە بەشـێکە لـە عێـراق و قەزایەکـە سـەر بـە پارێزگـای کـەرکوک و کەرکوکیش بەشێکی گەورەیە لە عێراق بە تاکید دەتوانین بڵێین ڕێژەی بێکاری بەشێکی زۆری عێراقـی داپۆشیوە دووبزیش لەوە بەدەر نیە، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە بە پێی توانا هەلی کار برەخسێنین بۆ ئەو لاوانـەی کـە لـە دووبـزدا دەژیـن بەتایبـەتی بـۆ ئەوانـەی کـە خـاوەن بڕوانامـەن, خـەلکێکی زۆرمـان دامەزراندوە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی وەکو مامۆستا لـە قوتابخانـەکان کە لـە دوای ساڵی 2003 قوتابخانەی کوردی کرایەوە لە کەرکوك و دووبز, هەروەها بۆشایەکی گـەورە دروسـت بوو، بۆیە بە ڕێکخستن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرینەی ئەو خـاوەن بڕوانامانەی دامەزراند کە لە سەردەمی رژێمی بەعس دەرچوون و دانەمەزرابوون, جگە لەمەش لـە دام و دەزگای تر خەڵکێکی زۆرمان دامەزراندوە.

*** ئەگەر گریمان یەکێك لەمانە هاتە دووبز تۆ وەکو بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردسـتان پێشوازی لە کامیان دەکەیت ( نەوشێروان مستەفا, صالح موتلەگ, موراد قەرەیلان ). ؟**

- وەکو حزب دەرگامان کراوەتەوە بۆ حزب و هەر لایەنێك کە سەردانمان بکات، بـەلام تەماشـای ئـەوەش دەکەین کە تاچەند لەگەڵ ئێمە هاوڕایە و لەگەڵ ئێمە مەبەستی کوردایەتی کردنەو لە ئامانجەکانی کـە پارتیمان هەولی بۆ دەدات نزیکە, بێگومان ئێمە تەماشای رابردوو ناکەین کەچی بـووە، بـەڵکو تەماشـای ئێستا دەکەین سەیری راو بۆچون و بەرنامەو پڕۆگرامەی دەکەین کە لەسەری دەڕوات.

*** ئایندەی کەرکوك و دەوروبەری بەشێوەی گشتی چۆن دەبینیت. ؟**

- بە باشی دەبینم.

*** گۆڕینی بەرپرسی ( لقی/3 )ی کەرکوك کاردانەوەی ئیجابی یان سلبی دەبێت لە پێشکەوتن و جولانەوەی پارتی لە کەرکوك. ؟**

- پارتیمان زیاتر لە نیو سەدەیە خەبات دەکات تا ئێستا دەیان بەپرسی گۆڕیوە لە لقـەکان بەتایبـەتی لـە (لقی 3)، چونکە لقێك بوو هەمیشە لە ئـاوارەی بـووە، لـە راپەڕینـە مەزنەکـەی بـەهاری سـاڵی(1991) چەندان شوێنی کردوە ماوەیەك لە هـەولێر و لـە دەربەنـدیخان و لـە هەڵبجە بـووە بـەو پێیـە زۆر جـار بـووە بەرپرسـەکانی بگـۆردرێن، بـەلام هـیچ کاتێـك گـۆڕینی بەرپرسـی لقـەکان کـاری نەکردۆتـە سـەر کاروچالاکی و بەرنامەکانی کە لە لقدا هەبوونـە, پـارتی کـە زیـاتر لـە شەسـت و چـەند سـاڵێکە خـەبات دەکات، پێویستی بە خۆ نوێکردنەوەش هەیە، لە پەیڕەو و پرۆگرامیدا هاتووە، یـەکێك لـەو بەرنامانـەی کە ئێمەش ئیشی لەسەر دەکەین، بریتیە لە خۆتازەکردنەوە هێنانی خوێنی تازە و هێنانی خوێنی گـەرم بۆ ناو ریزی بەرپرسیارەتی و ئامادەکرنیان بـۆ سـەرکردایەتی لـە ئاینـدەدا. هاوکات ویسـتمان کۆمـەلێك پرسیار ئاراستەی بەرپرسی مەڵبەندی دووبزی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان بکـەین و پەیوەنـدیمان بـە بەڕێزیانەوە کرد و دەرفەتی دیمانەیان نەبوو لەبەر ئەنجامدانی کۆنگرەی سێی(PUK).

*** زۆرترین ئامارەکانی تاوان لە دووبز بەرەو زۆربوون دەچێت هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە. ؟**

**مقدمی پۆلیس عبداللە علی تاهیر لە بەرێوەبەری بنکەی عەمەلیاتی دووبز**

- ئێمـە وەك شارۆچـکەی دووبـز هۆیـەکان دەتـوانین بـۆ چـەند لایـەکی کۆمەلایـەتی بگەڕێنینـەوە کـە روودەدات، لەبەر ئەوەی کە سنوری ئێمە خەڵکێکی سادەی تێدا دەژیت، زیاتر لەم شێوەیە دەکات، بـەلام



کاری تیرۆرستی لەم چەند ساڵەی رابردودا دەتــوانم بلــێم تــەنها یــەك دوو کــاری تیرۆرسـتی نـەبێت ئەگـەرنا هـیچ کـارێکی تیرۆرستی رووی نەداوە.

*** بــاری ئــەمنی دووبــز چــۆنە و کــردەوە تیرۆرستیەکان لە چ ئاستێکدایە.؟**

- ئەگەر ئێمە بێتوو پێوەری بکەین، لەگەڵ شارو شارۆچکەکانی تـری عێـراق دەتـوانین بڵـێین دووبـز لـە 95٪ کۆنترۆڵـە لـەرووی باری ئەمنیەوە, تەنها چەند کارێك نـەبێت ئەوەش هەڵبەت تیرۆرستان بایی ئەوەنـدە هـەوڵ دەدەن ئـەم هەڵە بقۆزنـەوەو کـاری تیرۆرسـتی بکـەن, بەڵام بەهاوکاری هێـزی پـۆلیس و جـەیش و ئاسایش ئێمـە توانیمان کۆنتڕۆڵی بـاری ئـەمنی نـاو شـاری دووبزو دەرەوەی شاریش بکەین.

*** تائێستا چی کراوە بۆ پۆلیسی دووبز و بەگشتی ئێوەش چیتان کردووە.؟**

- بۆ پۆلیسی دووبز بەو شێوەیە نیە، بەڵام لـەم دوایـەدا مەسـەلەی تەسـبیت کردنـی پلـەی ئەفسـەرەکان بوو، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هەوڵی بۆ درا وەك هاوکاری، هاوکاریەکی تەواو نیـە لـە وەزارەتـی ناوخۆوە, بۆ نموونە کۆمەڵێك پۆلیسمان هەیە، تاکو ئێستا ئەمری ئیـداریان بـۆ دەرنـەچووە لـە وەزارەت ئەمە کێشەیەکی سەرەکی ئێمەیە بۆ پۆلیسەکان، کە ئەوان لە ساڵی (2003) دەوام دەکەن و بـە ئـەرکی خۆیـان هەڵسـاون خزمـەتیان کـردووە مـاڵی خـەڵکیان پاراسـتەوە و دەیـان شـەهید و کـەم ئەنـدامان لێکەوتۆتەوە.

*** تاچەند سەروماڵ و گیانی هاوڵاتیان لەم ناوچەیە پارێزراوە.؟**

- ئێمـە لـە راسـتیدا دەتـوانین بڵـێین لـە 90٪ پـارێزراوە هۆکارەکـەش دەگەرێنمـەوە بـۆ بـاری ئـەمنی سنورەکەو هاوکـاری کردنـی هاوڵاتیـان لەگـەڵ هێـزە ئەمنیـەکانی ناوچـەکە، وەکـو باسمـان کـرد 90٪ کۆنترۆڵی ئەمنی کراوە، هەڵبەت شارەکی وەکو دووبز وەکو شارەکانی تر هەندێ شت روودەدات، بەڵام بە رێژەیەکی کەم.

*** حزب دەست لە کاروبارتان وەردەدات.؟**

- نەخێر حزب دەست لە کاروبارمان وەرنادات.

*** دووبز لە دوو پێك هاتەی سەرەکی کوردو عەرەب پێك هاتووە عەرەبەکان تاچەند لەگەڵتان هاوکارن تاچەند لەگەڵ توندو تیژیدان لە دووبز.؟**

- ئێمە وەکو باسم کرد شاری دووبز وەکو شارەکانی تری عێراق نیـە هۆکارەکەشـی هەڵبـەت دەگەرێتـەوە بۆ ئەوەی بەرێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆمار لێبوردنێکی گشتیان دەرکـرد، بـۆ خـەڵکی سنورەکە ئەو شتانەیان نەکرد کە لە شوێنی تردا روودەدات، خەڵکی ئێرە 80٪ لە برا عەرەبەکان فەرمانبەرن جا چ لە کەرتی نەوت بێت یان لە وێستگەی کارەبا بێت حـەزیان لـەوە نـەکردوە کـە شـوێنەکەیان لـێ تێك

بچێت، تەنها چەند کەسانێك نەبێت کە ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کە ئەو کارە تیرۆرستانەیان کردبێت و کە کرایشە لە دەرەوەی سنوری دووبز هاتوون و کاری تیرۆرستیان کردوە.

*** ئامارێکی دروستمان پێبدەن لەسەر کاری تیرۆرستی و تاوان لە سەرەتای ساڵەوە تاکو ئێستا.؟**




- ئێمە لە دووبز دوو کاری تیرۆرستیمان هەبوو لەگەڵ دوو تاوانی کۆمەڵایەتی.

هەر بۆ هەمان مەبەست و بەدواداچوونی چەند پرسیارێك سەردانی نەخۆشخانەی سەرەکی قەزای دووبزمان کرد، بەڵام بەداخەوە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە ئامادەنەبوو بەهیچ شێوەیەك وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە بە بیانووی ئەوەی کە لەسەریان قەدەغەکراوە دیمانەی رۆژنامەوانی بکەن، بۆیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کەرتی دووبزمان کرد.



**ئێوە : تاچەند لە لایەن حکومەتی هەرێم و بەغدا هاوکاری دەکرێن.؟**

**ئاکۆ مەهدی عارف/ دکتۆری ددان , بەڕێوەبەری کەرتی قەزای دووبز و هەر پێنج ناحیەی( پردێ, سەرگەران,ی مەلا عبداللە, شوان, یایچی ).**

- هاوکاریان زۆر باشە لەگەڵمانە هەرچ شتێکمان بوێت لە هەموو بوارەکانەوە.

*** تاچەند توانیوتانە بەسەر پەتا و نەخۆشیەکان زاڵبن، وەکو ئەنفلەوزەی بەرازو باڵندەو ئەو نەخۆشیەی بەم دوایە لە کەرکوکیش.؟**

- لەوانە زۆر باشین هەموو شتێك ئامادەکاری بۆ کراوە, ئامادەباشیەکی زۆرمان هەیە بۆ خەڵکیش رێنمایی و هۆشیاریمان کردوە، بەردەوام رێنمایان دەکەین کە چۆن چۆنی خۆیان بپارێزن.

*** حزبەکان دەست لە کاروبارتان وەردەدەن.؟**

- نەخێر.

*** هەڵمەتی کوتانی منداڵان لە کاتی خۆیدا دەکەن.؟**

- هەمووی لە کاتی خۆی دەکرێت و هەڵمەتی کوتانمان هەیە مانگانە.

*** لە رووی داودەرمان هیچ کەم و کوریەکتان نیە.؟**

- نەخێر زۆر باشە هەتا ئەگەر کەم و کوڕیشمان هەبێت بۆمان هەیەو بیکڕین.

*** تەقینەوەیەك یان شتێك لێرە روبدات ئێوە دەتوانن پێرابگەن یاخود بریندارران دەنێرن بۆ هەولێر و شوێنەکانی تر.؟**

- نەخێر پێ ڕادەگەین.

*** ئەم بەڕێوەبەرایەتیە فەرمیە یاخود حکومیە یان سەر بەکام لایە.؟**

**وەکو لێپرسراوی کتێبخانەی گشتی دووبز فواد عبداللە شێخە**



ـ ئێرە وەکو سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بینایەکە لە سەر بودجەی ئاوەدان کردنەوەی کەرکوك دروست کراوە.

**ئێوە : ئەی لەروی کتێبخانەوە کتێب کێ یارمەتی داون .؟**

- ئێمە وەکو کتێبخانەی گشتی دووبز لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی چەمچەماڵەوە کتێبمان بۆ دێت لە حکومەتی هەرێمەوە بۆ چەمچەماڵ و لەوێش پشکی مانگانەمان هەیە بۆ ئێمە دێت.

**ئێوە : تا ئێستا خەڵك سەردانتان دەکەن.؟**

- بەڵێ ئەو کاتەی لە بینا کۆنەکە بووین ئەو کاتەی لە ساڵی 2004 ئێمە (19) فەرمانبەر لەسەر بڕیاری بەڕێز(مام جەلال) دامەزراندرا لەدوای پرۆسەی ئازادی سەردانێکی زۆری هاوڵاتیان و رۆشنبیران و خوێنەرانمان هەبووە جا چ بە خوێندنەوە بووبێت لە ناو کتێبخانە یان بە خواستن بووبێت، بەڵام نزیکەی مانگێکە هاتوینەتە بینایە نوێیەکە لەبەر ئەوە مانگێکە کەس هاتووچۆی نەکردوین، چونکە بینایەکە بەتاڵەو هیچ کەل و پەلێکی تێدانیە.

*** ئێمە هاتین ئێوە لەسەر زەوی دانیشتون کورسیەکی کەمتان هەیەو ئەو خەڵکەی کە دێت دەخوێنێتەوە چی دەکات ئەمە لەبەر ئەوەی تازەن یاخود هۆکاری تر هەن.؟**

- هەر لە 2004 ئەم کتێبخانەیە دامەزرا وەکو لە پێشەوەش باسم کرد، لەسەربڕیاری بەڕێز هەڤاڵ (مام جەلال) کە ئێمەی دامەزراند هەندێك تایبەتمەندی هەبوو شاری دووبز کە مەحروم بوو لەهەموو شتێکی دامەزراندن و رۆشنبیری و هەمووشیان لە ژێر دەستی رژێمی بەعس بوونە، کە ئەم کتێبخانەیە دامەزرا هیچ ئەساسێکمان نەبوو بەڵکو چەند کەل و پەلێکی کۆنی کتێبخانەی چەمچەماڵمان وەرگرت ئەو کاتەی دامەزرا لە 2004، بەڵام لەو کاتەی هاتوینەتە ئەم بینایە نوێیە هیچ کەلوپەلێکمان بۆ نەهاتووە، بەڵام پێش هەفتەیەك وەزارەتی وەزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕی بیست ملیۆن و چوارسەد هەزاری بۆمان تەرخان کردوە، بەڵام چاوەڕوانی تەصدیق کردنی بودجە دەکەین، تا ئەو کەل و پەلانەمان بۆ بکڕن.

**ئێوە : خەڵك هەیە لێرە کتێبی بەچاپ بگەینێت و ئێوە یارمەتی بدەن.؟**

- بەڵێ زۆر کەسمان هەیە لە دووبز دەتوانێت کتێب چاپ بکات، بەڵام ئێمە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین یارمەتی بدەین لەبەر ئەوەی هیچ شتێکمان نیە تاکو یارمەتی بدەین, ئێمە مەرجەعیەتمان هەیە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە، ئەویش ئەوەندەی توانای خۆی بێت توانیویەتی ئیش بکات، ئەویش دەسەڵاتی نەبێت، بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیەکان هەیە لە کوردستان ئیتر دەگەڕێتەوە لای ئەوان.

**ئێوە : کێ یارمەتیتان دەدات بۆ بەڕێوەچوونی ئەم سەندیکایە.؟**



**مەهدی سالح مستەفا/ بەرپرسی لقی دووبزی سەندیکای هونەرمەندانی کەرکوك:**

- ئەوەی راستی بێت هەتاکو ئێستا هیچ یارمەتیەکمان نە لە بەغدا نە لە کەرکوك بۆ نەهاتووە.

*** رێژەی ئەندامانتان چۆنە، ئەندامتان زۆرە.؟**

- رێژەی ئەندامانمان نزیکەی 90 ئەندام دەبێت.

*** خەڵکی بەهرەمەندتان لە دووبز تا چەند توانیویەتی لە رێگای کارەکەتانەوە خۆی بناسێنێت.؟**

- تاکو ئێستا هیچ شتێك نەکراوە بۆ ئەم سەندیکایە، بە راستی هونەر لەم سنورە زۆر زۆر لاوازە، چونکە هیچ پاڵپشتی و هاوکاریەك نیە کە بتوانین هاوکاری هونەرمەندانی پێبکەین تاکو بتوانن ئیش بکەن لە بواری هونەرەوە.

**ئێوە : هیچ کارو چالاکیتان هەبووە.؟**

- نەخێر نیمانە هەتا ئێستا لەبەر ئەوەی پێویستمان بە هاوکاریە.

*** میزانیەتان هەیە.؟**

- نەخێر میزانیەمان نیەو مووچەشمان نیە.

*** ئەی شوێنی لقی سەندیکاتان.؟**

- شوێنی سەندیگا لە ناو یانەی وەرزشی (ئاراس)ە، پێشتر خانوومان گرتبوو بە کرێ ئەویش لە گیرفانی خۆمان پارەی کرێکەمان دەدا مانگانە 245 هەزارمان دەدا.

**ئێوە : دەتەوێت لە رێگای گۆڤارەکەی ئێمە چی بە حکومەتی عێراق بڵێیت.؟**

- من دەپرسم ئایا بۆ تاکو ئێستا حکومەتی بەغدا هیچ شتێکی بۆ ئێمە نەکردوە ئێمەش ئەم هونەرمەندانە چاوەڕوانی ئەوەین شتێکیان بۆ بکرێت.

*** ئەی ئەتەوێت چی بە حکومەتی هەرێم بڵێت.؟**

- داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم هاوکاریمان بکات، تاکو بتوانین ئەم سەندیکایە بەرێوەبەرین و گەشەی پێبدەین و لە ئیش و کاری هونەری خۆمان بەردەوام بین.

*** سەندیکای هونەرمەندان هیچ شتێکیان بۆ نەکردون هیچ پەیوەندیتان نیە لەگەڵ ئەوان.؟**

- هەتاکو ئێستا کۆمەڵێك پارەمان داوە وەکو هونەرمەند، بەڵام هەتاکو ئێستا من لە هیچ یاسایەك و قانوونێك نەمبینیوە ئینتیما واتا بوون بە ئەندام لەو سەندیکایە پێویستە 175 هەزار دینار بدەیت بۆ ناسنامە، بۆ سلفە داومانەتە لقی کەرکوك, کە عەباس بەهرودی بەرێوەبەریەتی کەچی بەرێزیشیان هیچی بۆ ئێمە نەکردووە.